# لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە زانستی -شەرعی- هەڵدەگیرێت -نامێنێت-، ونەزانین زۆر دەبێت، وزیناکردن زۆر دەبێت، ومەی خواردنەوە زۆر دەبێت، وپیاوان کەم دەبنەوە، وئافرەتان زۆر دەبن هەتاوەکو بە پەنجا ئافرەت یەک پیاو کاروگوزەرانیان بەڕێوە دەبات

لە ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: فەرموودەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە لە پێغەمبەری خوداوە -صلى الله عليه وسلم- هیچ یەکێکی تر بۆتان ناگێڕێتەوە، گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە فەرمووی: «لە نیشانەکانی قیامەت ئەوەیە کە زانستی -شەرعی- هەڵدەگیرێت -نامێنێت-، ونەزانین زۆر دەبێت، وزیناکردن زۆر دەبێت، ومەی خواردنەوە زۆر دەبێت، وپیاوان کەم دەبنەوە، وئافرەتان زۆر دەبن هەتاوەکو بە پەنجا ئافرەت یەک پیاو کاروگوزەرانیان بەڕێوە دەبات».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت ئەوەیە کە زانستی شەرعی نامێنێت ئەمیش بەمردنی زانایان، ولە سەرەنجامدا نەزانین وجەهل زۆر دەبێت وتەشەنە دەکات، وداوێن پیسی وخواردنەوەی سەرخۆشکەرەکان تەشەنە دەکات، وژمارەی پیاوان کەم دەبێتەوە وژمارەی ئافرەتان زۆر دەبێت؛ هەتاوەکو پەنجا ئافرەت یەک پیاو سەرپەرشتیان دەکات وپێداویستی وبەرژەوەندیەکانیان بۆ دابین دەکات.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65021

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee